# مەلی ئاوات

ئەحمەد دەشتی



کۆمەڵێ مەلی هیوای من هاتن
خۆیان لە خوێنی برینم وەردا و
پەرواز بە پەرواز
هەرچی بەرزایی دوورە دوورم بوون
هەمویان تەی کــرد و
خۆیان لە چۆمی خوێنم شاردەوە
ئا لەو شوێنەدا کە نیازم نەبـــوو
دڵم لێ شکاو خەم دای گرتمەوە
ئێســتاکەش ئەمن نە ویزەی بایێ
نەترپەو چرپەی ڕێژنەی بارانێ
ئا لەم غوربەتە هیچی نابیستم
ڕۆژگارانێ بوو ئاواتەکانم
گشت لە باوەش بوون
پەریانی زووشــم لە ئامێزا بوون
ئێستاکەش وا من بەبێ پەریم و
بــەبێ باوەشم
لەو کەنــارەی وا ئاسمانی شین شین
بە خۆی شــاســوارە
ئەستێرەکانیش گشت لق و پۆپیان
لێ دادەڕێــژن
مانگەشەوانی چواردەی ئەوینم
تریفــەی ڕوونی
بەسەربالەکەی چیا داوێــژن
من هەر بۆ وێ بــووم
ڕووشــم لەوێیــە و
ڕووگــەم ئەوێیە
من مامە ڕووتی برینم تەی کرد
سەرم بۆ لوتکەی بلندی ئەوێ
هەردەم هەل دەبڕی و
شاد دەبووم لەوێ

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET



من هیوای گەش و ڕوئیاکانی خۆم
لە سەر ترۆپکان گشت زاخاو دەکرد
ئەوا ئێستاکەش لەم ڕۆژە جـەژنە
وا لەم غوربەتەو لەم خاکە دوورە
زۆر نامرادو بێ دۆندی هیـوام
زۆر پەرێشان و پڕ زام و کوان
وا شیعرەکانی هەسـتی دەروونم
بویتەملوانکەی جەستەی برینم
وا لەدەروازەی ئازار و خەمان
هۆنراوەکانم دەچنـە ژوورەوە و
ڕوئیای دیرینەو ئاواتەکانم
لەوحوجرە تـارەم وا دەپێچنەوە
وا شیعرم هەمووی پرسەی شادیە
تەنیا ئـاوازی نەهامـەتی دڵ
لە دووری و غـوربـەت
من دەهونمەوە
لەناو خەرەندی گریان و ئازار
بێگانەیی بوون وا دەبینمەوە
*